# ڕۆژنامە وکۆنترۆلی دەسەڵات



نەجات ڕوستی
najatrosty@yahoo.com

ئەوەنــدەی ئاگــادار بم ئازادیــی ڕۆژنامەگەریــی کوردی  لە کوردســتانی باشــوور، بەپێچەوانەی بەشــەکانی دیکەی کوردســتانە،  هەروەها لە ژێر گوشارو قەیرانی ڕژێمە دەســەڵاتدارەکاندا دژایەتی دەکرێن، لەلای خۆمان سەرەڕای ئەو ئازادیو سەربەستییەی کە خودی ڕۆژنامەگەری هەیەتی، هێشــتا لەژێر کۆنترۆلی لایەنە دەســەڵاتدارەکاندایەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان زۆرجار دەکەونە بەرگورزی چاوەدێریو پشکنین، جا چ بەهۆی ئاشکراکردنو دەرخستنی چەوتیەکانی دەسەڵاتەوە بێت،  یا خستنەڕووی ڕاستییەکان و دەربڕینی بیرورا و قسەی خەڵك.

ئەمەش خۆی لەگەڵ پرسیارێکی دیکە کێش دەکات، ئایا ڕۆژنامەگەریی تا چ ڕاددەیەك سەربەســتە لەتێکەڵبوون بەخەڵكو گەیاندنی ڕاســتیەکانیان بە دەزگا بەرپرســەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەپلەی یەکەم لای خودی لایەنە بەرپرسەکانی دەسەڵاتە، دواتر وا بەنووکی خامەی ڕۆژنامەنووسو ئەدیبو کەســانی ڕۆشــنبیرو بوێرەوە دەدرێتەوە دیوێکــی دیکەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باشــوری کوردســتان گرنگــی دانە بەباسو خواسو مەســەلەی ژنانەوە کە ئەمە لایەنێکی دیکەیەو پێویســتی بە ئاماژەپێکردنە. هەمــوو دەزانــین کــە ژنی کورد تــا چ ڕاددەیــەك گــیرۆدەی قەیــرانو زوڵمو زۆریی کۆمەڵگایەو لە ئازادییەکانی بێبەشــە، چۆن قەتلو عام دەکرێتو دەستدرێژی دەکرێتە ســەرمافەکانی؟ ئەوەی شایانی گوتنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بایەخی ئەوتۆ نەدراوە بەمەسەلەی ژنان وەك تاکێکی چالاكو کاریگەر لەکۆمەڵدا. بە واتایەکی تر ئاوردانەوەی ڕۆژنامەگەریی لەمەسەلەی ژنان وەك دڵۆپێکە لە دەریاو بەگشتی وەك پێویست بایەخی پــێ نەدراوەو داکۆکی تەواوی لێناکرێت. بەڵام ئەوەی مایەی خۆشــبەختی یە،  خودی ژنان خۆیان هەنگاوێکی گرینگیان ناوە لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا و بەدەر لەو کێشــانەی کــە ڕووبەڕوویــان دەبێتەوەو کەوتوونەتــە کار بۆ ڕووخاندنی ئەو دیــوارەی لەنێوان ژنو پیاودا هەڵچنراوە، لەم ســاڵانەی دواییدا ژمارەیــەك لەخانمان کەمو زۆر چالاکانە لەبــواری ڕۆژنامەگەریــدا کاردەکــەن، وەك چالاکیەکی بەرچاو لەم بــوارەدا ژمارەیەك بڵاوکــراوەو گۆڤــار کەوتوونە بازاڕەوە کــە خانمان بەڕێوەی دەبــەنو تیایاندا بابەتو داواکاریەکانیــان دەخەنەڕوو، لــەم بوارەدا بۆ نموونە: دەتوانــرێ بەچەند بڵاوکراوەی چاپکراوو ئەلیکترۆنی وەك: (پێگە) (ڕێوان) (ئاوێزە)و ..تد ئاماژە بکرێ، مەسەلەیەکی گرنگی دیکە ژمارەو جۆری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەن کە ڕۆژانە دەخرێنە بازاڕەوە وەك: شــێوەو تیراژ شــێوەیەکی جوانو مۆدێرنیان لەخۆ گرتووە، بەڵام ئایا لە ناوەڕۆکدا تا چ ڕاددەیەك سەربەستن؟

وەك لەپێشدا ئاماژەم بە ژمارەو جۆری بڵاوکراوەکاندا. ئەوەیەکە ڕەوتی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگــەری کــوردی کاریگەرییان لەســەر هۆشــیارکردنەوەی خەڵــكو وروژاندنی مەسەلەی ئاڵۆزو کێشە بەرچاوەکانی تایبەت بە کۆمەڵو خەڵکەوە هەبووەو هەیە، بەڵام هێشــتا پێم وابێت ئاستی سەربەستیو ئازادیی لە ڕۆژنامەگەریی کوریدا ماویەتی بگاتە چڵە پۆپو لەچاو ئەو وڵاتانەی کە ڕاددەی ئازادی ڕۆژنامەگەریی تیایاندا لە ترۆپکدایە شــیاوی بەراوردکردن نییە، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشرەفتەو خاوەن دیموکراسی کۆمەڵ بەدەوڵەتو بەپێچەوانەشــەوە بۆ لە قاودانی کارو کــردەوەی ناقانوونیی بەڕێوەبەرانی سیاسیو دزییو گەندەڵیی ئیداریو دەوڵەتی، وەك بڵندگۆی ڕاستییو زمانی هەقبێژانەی خەڵكو کۆمەڵگا بەحیســاب دێت! لــە کۆتاییدا هیــوادارم ڕۆژنامەگەریی کوردیش کە ماوەی زیاتر لەســەد ســاڵە چ بەشێوەی نهێنی، چ بەشــێوەی ئازاد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان لە چالاکیدا بووە، هەنگاو بنێتە ناو مەیدانی ئازادەوە وەك سەکۆیەکی پتەوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزترو بڵندترو خۆڕاگرتربێت.